پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لە پیاوێک بوو کە وەسفی وستایشی پیاوێکی تری دەکرد وزیادەڕەوی دەکرد لەمەدا، فەرمووی: پشتی پیاوەکەتان شکاند -بڕاند

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لە پیاوێک بوو کە وەسفی وستایشی پیاوێکی تری دەکرد وزیادەڕەوی دەکرد لەمەدا، فەرمووی: «پشتی پیاوەکەتان شکاند بڕاند--».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لە پیاوێک بوو کە وەسف وستایشی پیاوێکی تری دەکرد بەهۆی چاکەکار بوونی بەڵام لەمەدا زیادەڕەوی دەکرد وهەندێک وەسفی دەکرد کە تێیدا نەبوو لە سیفەتە جوانەکان، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێیکرد، وپێی فەرموو کە ئەمە هۆکاری بۆ تیاچوونی ئەو برایەتان؛ چونکە ئەم زیادەڕەوی کردن لە وەسفکردن هۆکاری ئەوەیە تووشی خۆبەگەورەزانین وسەرسامبوون بێت بە خۆی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5734